عەبدوڵڵا سەمەدی

## ئاوڕێك وەسەر ژیان و بەرهەمی هونەرمەندی کورد

# خەلیلی سەددیقی[1]

خەلیلی سەددیقی، هونەروەری دەنگخۆشی کورد، کوڕی " حاجی محەممەد سەددیق "، لە ساڵی ١٣٠٩ی هەتاوی(=١٩٣٠) لە شاری مەهاباد، لە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەند و دەستڕۆیشتوو لە دایك بوو. خەلیلی بچکۆلە لە کاتێکدا لە خوێندنگەی سەرەتایی لە مەهاباد دەرسی دەخوێند، زۆربەی کات و ساتەکانی وەختی پشوودان و سانەوەی لە گوندی **تازەقەڵا** ی نزیك **نەغەدە**، کە موڵکی خۆیان بوو، دەگوزەراند. ئەو ساڵە پڕ بیرەوەرییانە، بەهەشتی سەردەمی منداڵی بوون و ڕوحی پاك و هزر و بیری ساکاری ئەویان چەشخواردووی داب و نەریتی ڕەسەنی کۆمەڵگای کوردەواری کرد؛ تا ڕادەیەك کە شوێنێکی تەواویان خستە سەر ژیانی پاشەڕۆژی.

خەلیلی لاو، شۆخوشەنگ و جوانچاك، هەندێکیشی لە پۆلی ناوەندی خوێند، بەڵام دێژەی پێنەدا؛ چونکە هەستی بە بێنیازییەکی گەورە دەکرد و ڕۆژگاری بە مەرامی دڵ دەدیت. لەگەڵ ئاواڵانی هاودڵ و هاوزماندا دوور لە هەموو غەم و پەژارەیەك ڕایدەبوارد. لە ماڵی یەکتر یا لە سەیرانگە و باغەکانی دەوری شار لەگەڵ یەك دادەنیشتن و باسی کۆڕ و کۆبوونەوەیان هەر جارە لە سەر شتێك دەگەڕا؛ هونەر، سیاسەت، شێعر و ئەدەب، گۆرانی، ئەوین و دڵداری.

خەلیل پێی نابووە تەمەنی شازدە ساڵی، کە بارودەخی سیاسیی وڵات بە تەواوی گۆڕا و کۆمار لە مەهاباد پێکهات. دیارە ئەو تەمەنی لەوە کەمتر بوو کە بتوانێ نەخشی زۆر بەرچاو و گرینگ لە کۆماردا بگێڕێ، بەڵام لە دەستەی لاوانی دێموکڕاتدا ئەندامێکی چالاك و خوێنگەرم بوو. یەکێتیی سۆڤیەت بە ڕێگەی کۆماری ئازەربایجانەوە پەیمانی نیزامی و ئابووری لەگەڵ مەهاباد بەستبوو و داوخوازییەکانی ئەوانی دابین دەکرد. **باغیرۆڤ** سەدری هەیئەت ڕەئیسەی وەزیرانی ئازەربایجان، لە باکۆوە ڕایگەیاندبوو کە ئامادەیە بۆ وەرگرتنی خوێندکارانی کورد لە زانکۆی ئەفسەریی باکۆدا. کاربەدەستانی کۆماری کوردستان، کەوتنە هەڵبژاردنی ئەو لاوانەی کە خوێندنی سەرەتایییان تەواو کردبێ، تاکوو بۆ درێژەدان بە خوێندن، ڕەوانەی **باکۆ** بکرێن. لە ڕاستیدا ئەوانە بۆ دواڕۆژی کۆمار زۆر پێویست بوون. بەو چەشنە ٦٠٠ کەس ناونووس کران و بڕیار درا کە دەستە دەستە، بە پێی پرۆگرامێکی چنراو، ڕەوانە بکرێن. لە بانەمەڕی ١٣٢٥(=ئاوریلی١٩٤٦) هەوەڵین گروپی خوێندکاران کە بریتی بوون لە ٤٠ کەس، بەڕێ کرانە تەورێز، و لە دوایین ڕۆژەکانی بانەمەڕی هەمان ساڵدا دەستەی دوویەم، کە ٢٠ کەس بوون، لە تەورێز بە ئاواڵەکانیان گەیشتن. خەلیلی سەددیقی لەگەڵ ئەم گروپە ٦٠ کەسییەدا بوو.

لە تەورێزەوە گەیەندرانە باکۆ و لە زانکۆی ئەفسەریی **سالیانسکی** کە فەرماندەکەی **مالچانۆڤ** بوو، لە ژێر چاوەدێریی سەرهەنگ **حوسێن حاجی ئۆڤ** دەستیان بە خوێندن و ڕاهێنان کرد. بەڵام تەمەنی کورتی کۆمار، ماوەی ئەوەی نەدا کە گروپی سێیەمیش کە ئامادە کرابوون، بگەنە لای ئاواڵانیان؛ چونکە هێشتا حەوت مانگ بەسەر خوێندنی واندا تێنەپەڕیبوو کە پاتەختی کۆمار لە لایەن ئەرتەشی ئێرانەوە گیرا و خوێندکاران ناچار بوون بگەڕێنەوە زێدی خۆیان. خەلیل لەگەڵ ئەو تاقمە بوو کە لە تخووبی جولفاوە گەڕانەوە ئێران.

دیاره بارودەخ و دەستڕۆیشتوویی بنەماڵەی خەلیل، توانیان ئەو لە مەترسی گیران و دوورخستنەوە بپارێزن، تا بە چەشنێکی ئاسایی درێژە بە ژیان بدات. بەڵام هەر وەك زۆربەی ئاوالانی، هەموو دەم لە ژێر چاوەدێریی پۆلیس و دەزگا جاسووسییەکانی ئێراندا بوو.

سەردەمی پاش گەڕانەوەی لە باکۆ، دەرفەتی ئەوەی ڕەخساند کە دیسان لەگەڵ ئاوالان لە دەوری یەك ڕابوێرن و لە ئاوات و بیروباوەڕ و ئەزموونەکانیان بدوێن. هەندێك لە ئاوالانی ئەو سەردەمی خەلیل بریتی بوون لە: ڕەحمانی قازی، فەتاحی کاویان، هاشمی نانەوازادەگان، عەزیزی نانەوازادەگان( ژیان )، سولەیمانی موعینی، عوبەیدوڵڵای ئەییووبیان، جەلیلی گادانی، هاشمی فیدایی و محەممەدی مامڵێ.

خەلیل کە خولیای ژیانی ساکاری لادێ و داب و نەریتی ڕەسەنی کوردەواری بوو، بەشێکی زۆری ئەو ساڵانەی لە **تازەقەڵا**، شوێنی بیرەوەرییەکانی منداڵی، گوزەراند. ژیانی لادێی پتر بە ڕاو تێپەڕ دەبوو. تاژیی ڕەسەن و چێی هەبوون و گەلێکی خۆش دەویستن. ڕێزی لێدەنان و دەست و پێی دە خەنە دەدان. لەگەڵ دەستەبرا و ئاوالانی سوارچاك، کوێستان و شیو و لادۆڵی دەپێوا و تەمالی دەدۆزییەوە و شینکی مات و مەلوولی هەڵدەستاند. لە کاری ڕاوەتاژیدا، کە بەشێك لە کەلەپووری نەتەوایەتیمانە و ئێستا بە هۆی گۆڕانی باری ژیانی کۆمەڵگاکەمان سەربەرەژێر دەڕوا، پسپۆڕ و لێهاتوو بوو. سەرمەست لە بادەی جەوانی، لێی سواری ئەسپی خۆشبەز دەبوو، ڕستەی ئاوریشمی ڕەنگاوڕەنگی لە قۆڵ دەکرد و تاجیی **شینخەزاڵ** ی وەدوای خۆی دەدا. بە ڕەعێت و بابنۆکەرەوە لە شوێنێکی کەروێشکگر، سەری ڕاوی دەگرت.

بەهاری تەمەن و سروشتی جوان و ڕازاوەی کوردستان و مرخ و چەشەی هونەری و جوانپەرستیی خەلیل، زۆر جار دەستیان دەدایە یەك و دەیانخستە سەر دۆخێکی تایبەت، بە چەشنێك کە وەکی کانیاوێکی ڕوون لە دڵە گەرموگوڕ و تژی لە ئەوینەکەیەوە، هەڵبەستە پڕسۆز و ئاگراوییەکانی **وەفایی** بە دەنگێکی ساف و زوڵاڵ تێهەڵکاتێ و چیا و دۆڵ بلەرزێنێ و ئەشکەوت دەنگ بداتەوە. هەر وەکوو زۆربەی ئاوالانی، ئەویش هۆگری وەفایی بوو، و پاشان لە بیروباوەڕە سیاسییەکانیدا دەرگای ئاشنایەتی لەگەڵ شێعری **گۆران** و **هەردی** و شاعیرانی ئەودیو بە ڕوودا کرایەوە.

لە هەندێك دانیشتنەکانی ماڵی ئاوالاندا زۆرجار دەنگی لەسەر شریت تۆمار دەکرا و دەستەیەك لەم بەستە و گۆرانییانە ئێستا لە لایەن دۆستان و نزیکانییەوە هەڵگیراون و بە داخەوە هێشتا بڵاونەکراونەوە. لە شریتە بڵاوکراوەکانیدا **ئەژدەهاك** نموونەیەکی بەرچاوە کە بیروباوەڕ و ڕادەی ئاشنایەتی وی لە مەهابادی ئەو سەردەمدا لەگەڵ شاعیرانی ئەودیو پێشان دەدا. هەروەها لە شایی و زەماوەندی دۆست و خزم و کەسە نزیکەکانیشیدا، گۆرانییەکانی، گەرمی و شادییەکی تایبەتیان بە کۆڕەکە دەبەخشی.

هەر لەم ساڵانەدا گیرۆدە بوون بە ئەوینی کچە کوردێکی ڕوو سوور و چەلەنگ بە ناوی **فاتم**، بووبە هۆی لەدایکبوونی ئاوازێکی نەمر لە سەر شێعری **ئەحمەد هەردی** بە ناوی **چەپکە گوڵێك بۆ سیت فاتمە**؛ بە چەشنێك کە ناوی خەلیلی سەددیقی، گۆرانیی فاتمە وەبیر دێنێتەوە و بە بیستنی شێعری فاتمە، ناوی خەلیلی سەددیقی لە بیر و زەینی بیسەردا دەزرینگێتەوە. شێعری فاتمە و دەنگی خەلیل بوونە دوو ڕوح لە جەستەیەکدا و بە بێیەکتر ناتەواو دەنوێنن. بە لێکدانەوەی زۆربەی خەڵك، گۆرانیی فاتمە سەرتۆپ و تاقانەی گۆرانییەکانیەتی؛ کە هێزێکی نهێنی و شاراوەی تێدایە و کار لە دڵ و هەناوی هەر بیسەرێك دەکا. ڕەنگە ڕەمزی ئەم کارتێکردنە و ئەم هێزە نهێنییە، لە ئەوینەوە بێ. ئەوینی پاك و بێگەردی دوو لاوی ئەویندار، کە هەم لە لایەن خەلیلی تا سەر کام لە ژیان نەبردوو تا دوا هەناسەی ژیان، و هەم لە لایەن فاتمی تێر لەگەڵ هاوسەر ڕانەبردوو تا ئێستا کە پیر و بە

سالاچوویە، هەر بە وەفاداری مایەوە. ژیانی هاوبەشی خەلیل و فاتم لە ساڵی ١٣٣١(=١٩٥٢) دەستی پێکرد و حەڤدە ساڵی پتر نەخایاند.

لە ساڵی ١٣٣٢(=١٩٥٣) بۆ جاری دوویەم ئیزگەیەکی ڕادیۆ لە مەهاباد دامەزرا،[٢] کە تا ساڵی ١٣٤٢(=١٩٦٣) بەردەوام بوو. ئەم ڕادیۆیە تەنیا دەنگی لە شاری مەهاباد و ئاواییەکانی دەوروبەری دەبیسرا. دەستەیەك لە هونەرمەندانی کورد، وەك: سەید ڕەحیم قوڕەیشی، برایم ئەفخەمی، بێویك خانباغی کاروباری ئەو ڕادیۆیەیان هەڵدەسووڕاند و بەرنامەکانیان ڕێکوپێك دەکرد. بەرنامەکانی ئەو ڕادیۆیە زۆرتر شەوچەرەیەکی کوردەواری بوو بۆ شارە بچووك و بریندارەکەی مەهابادی ئەو سەردەم. خەلیلی سەددیقی چەند گۆرانییەکی بە ئۆرکێستڕێکی ساکار لەسەر ئەو ڕادیۆیە پێشکەش کرد؛ وەك: خۆشە گەرمێن، دەمێك ساقی، شیرەکەم لێدەڕژێ و لانکۆڵێ، کە شریتی ئەم گۆرانییانە ئێستا ماوە و بلاوکراوەتەوە.

ماوەی دوو ساڵ سەربازیی خەلیل لە شاری سنە، لە ساڵەکانی ١٣٣٣ و ٣٤ (=١٩٥٤ و ٥٥)، دەرفەتێکی باش بوو بۆ ئەوەی لەگەڵ ئۆرکێستری ڕادیۆی کوردی سنە[٣] ، کە لە هەمان ساڵدا دامەزرابوو، هاوکاری بکا و دەرگای ئاشنایەتی لەگەڵ هونەرمەندانی لێهاتووی ئەو مەڵبەندە، وەك: بەهائەددین نەورۆزی، عوبەید خالقی، حیکمەت نەوبەری، محەممەد لوتفی، ئەوسەت ئیبڕاهیمی ڕەنگرێز و برایمی زیبا پووش و پاشانیش لە ساڵەکانی دواتردا لەگەڵ هونەرمەندی گەورە **مەزهەری خالقی** بە ڕوودا بکرێتەوە.

شاری سنە سەبارەت بەوە کە لە چەند سەدە لەمەوبەرەوە هەمیشە ناوەندی حکوومەت و پێتەختی میرانی ئەردەڵان بووە،[٤] بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ ناوچەکانی تری کوردستاندا، شارستانییەتێکی پێشکەوتووی تێدایە و لە کۆنەوە بووەتە مەکۆی هونەرمەندان و شاعیران و وێژەوانانی کورد. هەر بەم بۆنەشەوە بووە کە هەمیشە سێرەی تیری نەتەوی لە سەر بووە و پیلانی کورتخایەن و درێژخایەنیان بۆ داڕشتووە. هونەری مۆسیقا لە شاری سنە، هەر لە کۆنەوە گرینگی و بایەخی پێدراوە و لە لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەم هونەرەدا پسپۆڕ و مامۆستای چازان و لێزانی لێهەڵکەوتووە.

هەوەڵ گۆرانی تۆمارکراوی خەلیلی سەددیقی لە ڕادیۆ سنە، **بووك مریەم** بووە کە دوای فاتمە، لە گۆرانییە هەرە سەرکەوتووەکانیەتی. **بەرهەڵبێنە** و **لانکۆڵێ** و **فاتمە** ش هەر لە سنە، بە ئۆرکێستری ڕادیۆ، کە تیپێکی مۆسیقای ئەرتەشی بووە، تۆمار کراوە. لەناو ئەواندا، هونەرمەندان: **گریشا**، **بەهمەن** و **برایانی بروخیم** دەستێکی بالایان هەبووە لە ڕێکخستن و ڕێکوپێك کردنی گۆرانییەکاندا و گەشەی تەواویان داوە بەو گۆرانی و ئاهەنگانەی کە لەم ناوەندەدا تۆمار کراون. بێشك لە ئاهەنگی گۆرانییەکانی خەلیلی سەددیقیشدا دەبێ دەستی کاریگەریان بووبێ. ئەو گۆرانییانەی کە لە سنە تۆمار کراون، ناوبانگی خەلیلیان گەیاندە دەرەوەی موکریان.

لە گۆرانییە مەجلیسییەکانیدا کە لە سەر شریت تۆمار کراون و ئێستا هەن، **ئەژدەهاك**، **قەتار**، **دەمەگری مەگری**، **ئەو چاوانەی وا خوماری نازن** و **ئایشێ نازەنینێ** و هەندێك مەقام و بەستەی فولکلۆریی تر ماون و هەندێکیان لە لایەن کەسانێکەوە دەستیان بەسەردا گیراوە و لە ڕووی بیرتەسکییەوە وا بیر دەکەنەوە کە ئەگەر بلاو بکرێنەوە، لە قەدر و بایی‌یان کەم دەبێتەوە و لەوانەیە هەندێکیش هەر تۆمار نەکرابن یا تۆمار کرابن و فەوتابن.

لە نیوەی دوویەمی ساڵەکانی ٣٠(= نیوەی دوویەمی پەنجاکانی زایینی)دا خەلیل دیسان چالاکییە نهێنییەکانی لە حیزبی دێموکڕاتدا دەست پێدەکاتەوە. لەم ماوەیەدا وەك ئەرکێکی حیزبی، چەند جار پێوەندی بە حیزبی توودەی ئێرانیشەوە دەگرێ. لە ١٣٣٩(=١٩٦٠) ئەندامانی حیزبی دێموکڕات دەکەونە بەر پەلاماری دەزگا جاسووسییەکانی

ئێران و زۆر کەس دەگیرێن. خەلیل ڕادەکاتە باشووری کوردستان، بەشی بندەستی عێراق، و تا ساڵی ١٣٤٢(=١٩٦٣) لەوێ دەمێنێتەوە. لەم ماوەیەدا مەلامستەفای بارزانی ئاگاداری لێدەکا و دەیخاتە ژێر چاوەدێری. مانەوەی سێ ساڵەی کوردستانی ئەودیو دەرفەتێکی باش پێکدێنێ بۆ ئاشنایەتی لەگەڵ هونەروەرانی مەزن و بەناوبانگ وەك **تاهیر تەوفیق**.

سەرەڕای ئەوەی کە بنەماڵەی خەلیلی سەددیقی وەکوو زۆربەی بنەماڵەکانی ئەو سەردەمی شاری مەهاباد بە توندی پابەندی داب و نەریت و یاسا کۆمەلایەتییەکان بوون، بەلام هیچ لەمپەر یا بەرهەلستێکیان لە ئاست کارە هونەرییەکانی خەلیلیدا بەدی نەدێنا و لەو ڕوانگەیەوە بە سەربەستی کاری خۆی دەکرد. لە تاران ئاموشۆی کەسایەتییە هونەرییەکانی فارسی دەکرد و تەنانەت جارێك لە کابارەیەکی تاران لەگەڵ **دلکەش**، ژنە گۆرانیبێژی بەناوبانگی فارس، دەچێتە سەر سێن و گۆرانی دەڵێ. گۆرانی **ئایشیلێ نازەنینێ** ی هەر لەسەر هەوای **سحر کە از کوە بلند** ی دلکەش گوتووە. هەڵبەت دۆستایەتی و ڕابواردنی زۆر نزیك لەگەڵ **حاجی هاشمی نانەوازادەگان**، ڕێگەی ئەوە دەدا کە بڵێین؛ وێدەچێ حاجی هاشم، لە ڕێکوپێك کردن و دانانی هەندێك ئاواز و گۆرانی خەلیلدا دەستی بووبێ.

هەروەها دەگێڕنەوە کە خەلیل لە تاران پێوەندی بە **ئوستاد بەنان**، مامۆستای بەرزی مۆسیقای ئێرانیشەوە گرتووە و سەبارەت بە مەقاماتی کوردی و فارسی باس و لێدوانیان بووە.

خەلیل پاشی گەڕانەوەی لە کوردستانی ئەودیو، تەنیا شەش ساڵ ژیا. ساڵەکانی دوایی تەمەنی ئەو، ڕێکەوت بوو لەگەڵ خەفەت و پەژارە و پاشانیش نەخۆشی. ئەو بە هۆی دەوڵەمەندی و هەست بە بێنیازی کردن، ڕووی کردبووە سەرخۆشی و ڕابواردن. هەر لەو سەروبەندانەشدا، **ساواك** کە ئاگاداری چالاکی و بیروباوەڕە سیاسییەکانی بوو، هۆیەکی بە هێز بوو بۆ هاندان و کێشانی پتری خەلیل بۆ ئەم سەرخۆشی و بێخەبەرییە. تاکوو وای لێهات ببوە جێگەی داخ و حەسرەتی هەموو خەڵکی مەهاباد.

ژیانی خەلیلی سەددیقی بە ئەنجامێکی غەماوی و چارەنووسێکی چاوەڕوان نەکراو، لە تەمەنی ٣٩ ساڵیدا، لە ٤ ی ڕێبەندانی ١٣٤٨(= ٢٤ ی ژانویەی ١٩٧٠)، لە نەخۆشخانەی **شێروخورشید** ی مەهاباد دوایی هات و دڵە پڕ لە ئەوینەکەی لە کوتان کەوت.

بنەماڵەی سەددیقی، لە باب و باپیرانەوە دەستی ئیرادەتیان دابووە **شێخی بورهان** و زۆر کەسیان لە گۆڕستانی گوندی **خانەقا**، نزیك گڵکۆی عارفی گەورەی کورد **شێخ یۆسف شەمسەددینی بورهانی** نێژراون. خەلیلیش وەك ئاواتێك پێی خۆش بووە هەر لەوێ بنێژرێ، بەلام دۆستان و ئاوالانی خەلیل تەرمی ئەویان لە گۆڕستانی **بوداغ سوڵتان** ی مەهاباد، نزیك گڵکۆی **سولەیمانی موعینی**، کە ساڵێك بەر لە خەلیل شەهید کرابوو و هەروەها لە ئاوالانی نزیکی ئەویش بوو، بە خاکی نیشتمان سپارد.

لە دواییدا پێویستە سپاسی بنەماڵەی هونەرمەندی نەمر کاك خەلیلی سەدیقی و بە تایبەت کاك بەهمەنی سەددیقی، کوڕی هونەرمەند بکەم، کە بە ڕووی خۆش و دڵی فراوانەوە وەریانگرتم و هاوکاریی پێویستییان کردم بۆ ئامادە کردنی ئەم وتارە.

---



قەڵەمەکێشی وێنەی هونەرمەند خلیلی سەددیقی، کاری: عەبدوڵڵا سەمەدی، هاوینی ۱۹۹۹، مەهاباد

## ***پەراوێزەکان***

[1] - زۆر جار پشتی سەحنەی فیلمێك، لە خودی فیلمەکە سرنجڕاکێشترە. ئەم وتارەش بەسەرهاتی خۆی هەیە و بە پێویستی دەزانم بە کورتی ئاماژەیەکی پێبکەم. کۆتاییەکانی ١٩٩٨ بوو، لەسەر ویستی ئاوالێکی دوورەوڵاتم دەستم کرد بە کۆکردنەوەی هەندێ زانیاری لە بابەت هونەرمەندی کۆچکردووی کورد، خەلیلی سەددیقی، تاکوو لە گۆڤاری **گزینگ**دا بڵاو بکرێتەوە. هەرچەند تەنیا ٢٨ ساڵ لە مەرگی خەلیلی سەددیقی تێدەپەڕی، بەڵام سەرەڕای ئەوە، نووسینی وتارێکی ئەوتۆ بەداخەوە کارێکی هاسان نەبوو. هۆیەکەشی ئەوە بوو کە تا ئەودەم جگە لە یەك دوو ئاماژەی زۆر کورت لە پەراوێزی ئەم کتێب و ئەو کتێبدا، هیچ شتێك لەسەر خەلیلی سەددیقی نەنووسرابوو. هەر بۆیە نووسینی وتارەکە ماوەیەکی زۆری خایاند. لەو ماوەیەدا ناچار بووم وەدوای پێوشوێنی ئۆرکێستری گۆرانییەکانی خەلیلی سەددیقی بکەوم، کە دەچۆوە ڕادیۆ سنەی ساڵی ١٩٥٤. بێشك بۆ ئەوەی نووسینێك، تەنیا کاغەز ڕەشکردنەوە نەبێ، پێویستە خاڵە گرینگەکان کاریان لەسەر بکرێ و تیشك بخرێتە سەر ئەو مەبەستانە کە ڕووناکییەك دەبەخشنە سەر لایەنە گرینگ و پێویستەکانی بابەتەکە. منیش لە نووسراوەکەمدا بەپێی توانا هەوڵم بۆ ئەو شتە دا و لەگەڵ دوور و نیزیك بە نامە یان حوزووری پێوەندیم گرت. هەروەها ئێوارەی ڕۆژی چوارشەممۆ، ٦ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٠ لە شاری مەهاباد بە خزمەت کاك بەهمەن سەددیقی، کوڕی هونەرمەند خەلیلی سەددیقی گەیشتم و بە دوور و درێژی لەسەر ژیانی سیاسی و هونەریی و باوکی قسەمان کرد. کاك بەهمەن لە دواییدا ئەلبۆمی وێنەکانی بنەماڵەی خۆیانی هێنایە بەر دەستم و ئیزنی پێدام بە دڵخوازی خۆم هەر وێنەیەك پەسند دەکەم، هەڵیبگرم. چەند وێنەیەکم جیا کردەوە و بەڵێنیم پێدا کە بەر لە ڕەوانە کردنی وتارەکە، پێشنووسی کارەکەمی نیشان بدەم، تاکوو دوایین تێبینییەکانی ئەو وەبەرچاو بگرم. بەپێی ئەو بەڵێنییە، پاشی ماوەیەك گەڵاڵە و پێشنووسی وتارەکەم لەگەڵ وێنەیەکی هونەرمەند خەلیلی سەددیقی بە قەڵەمەکێشی خۆم، نارده خزمەت کاك بەهمەن. خوێندییەوە و پەسندی کرد. ئەمجار نامەیەکی دۆستانەشم خستە پاڵی و <u>بە سێ چوار دەست</u> ڕەوانەی ئەورووپام کرد و بە ئاواڵەکەم گەیاند. ئەویش دوای ماوەیەك بە ناوی خوازراوی ( ع.مازیار )ەوە ناردیە سوید و بە **گۆڤاری گزینگ**ی گەیاند! هەڵبەت ئەم ناوە خوازراوەش ویستی خۆم نەبوو، بەڵکوو بۆچوونی ئاواڵەکەم بوو کە سەبارەت بە بەرژەوەندیی من، لە ڕووی دڵسۆزییەوە وای بە باش زانیبوو. هەرچۆنێك بێ، لە لاپەڕە ٤٥-٤٢ ی ژمارە ٢٧ی بەهاری ٢٠٠٠( ١٣٧٩ )ی گزینگدا بڵاوکرایەوە. بەڵام لە بێبەختیی من، دەقە چاپکراوەکە لەو ئەمدەست ئەودەست کردنەدا ئاڵوگۆڕێکی زۆری بەسەردا هاتبوو! <u>یەکەم:</u> هەندێ شتی لێزیاد و کەم کرابوو! <u>دووەم:</u> بەشێك لە نامە دۆستانەکەش لەگەڵ وتارەکە لێکدرابوو! <u>سێیەم:</u> دەقی پێشنووسی تایپ کراو، بەبێ هەڵەچنی، مونتاژ کرابوو و دەیان هەڵەی تایپی کەوتبووە ناو وتارەکە؛ تا ڕادەیەك کە بەرپرسی گۆڤار ناچار ببوو لاپەڕەیەك بە ناوی <u>**سەرنج**</u> کە بریتی بوو لە داوای لێبوردن لە خوێنەران و ڕاست کردنەوەی هەڵە تایپییەکان، بخاتە ناو گۆڤارەکە و داوا لە خوێنەران بکا بەر لە خوێندنەوەی وتارەکە هەڵەکان ڕاست بکەنەوە! کاتێك پاشی سێمانگ دوای بڵاوبوونەوەی وتارەکە، من گۆڤاری گزینگم بە دەست گەیشت سەرم لە نووسراوەکەی خۆم سوڕ ما و بە شەرمەزارییەوە دیتم لە دوایی نووسراوەکەم هێرشێکی ناحەق و نابەجێ کراوەتە سەر کاك بەهمەن و کاك خوسرەوی کوڕانی هونەرمەند خەلیلی سەددیقی! ئەمە لە کاتێکدا بوو کە من لە شاری سابڵاغ لە پەنا ئەم کوڕانە دەژیام و ڕۆژانە چەندین جار تووشی یەك دەهاتین و چاومان بە یەکتر دەکەوت. من ئێستاش نەمزانی ئایا ئەو کارە سەهو بوو؟! عەمد بوو؟! کەمتەرخەمیی کەسێك بوو؟! هەرچییەك بوو، بۆ من بووبە بیرەوەرییەکی ناخۆش. هەر بە دیتنی وتارەکە، زوو ڕوونکردنەوەیەکم نووسی و بە فاکس ڕەوانەی گزینگم کرد، تا لە هەنگاوی یەکەمدا کوڕانی هونەرمەند خەلیلی سەددیقی لە چۆنیەتیی ڕووداوەکە ئاگادار بکەمەوە، و لە هەنگاوی دوویەمدا وتارەکە ڕاست بکەمەوە. بەڵام پاشی چەند جار پێوەندیی

تەلەیفۆنیش لەگەڵ بەرپرسی بەڕێزی گۆڤاری گزینگ، بە داخەوە ڕازی نەبوو ڕوونکردنەوەکەی من چاپ بکا! بەڵگەشی بۆ چاپنەکردن ئەوە بوو کە ئەو ڕوونکردنەوەیە گۆڤارەکە دەباتە ژێر پرسیارەوە لە کاتێکدا گۆڤارەکە تاوانێکی نییە و وتارەکە هەر بەو جۆرە گەیوەتە دەستی. منی شەرمێون، موزمەحیل مامەوە. نەمدەزانی چیبکەم. لە جیاتی ئەوەی چۆنییەتیی ڕووداوەکە بۆ کاک بەهمەن و کاک خوسرەو شی بکەمەوە، خۆم لێدەدزینەوە. ئێستا و ئێستاش لە ڕاستیی ڕووداوەکە نەگەیشتن. تاکوو پاش ماوەیەکی زۆر، ئاگادار بووم کاک بەهمەن وەڵامێکی بۆ من نووسیوەتەوە و لە ژمارە ٢٩ ی گزینگدا بڵاوکراوەتەوە. ئەو لە وەڵامەکەیدا زۆر بە تووڕەیی دوابوو. شێوەی کارەکەی منیشی بە ماکیاڤیلی زانیبوو. هەر وەها گوتبووی سەرلەبەری لێکۆڵینەوەکەی بریتی بووە لە زانیارییەکانی من. منیش جگە لەم دوایین وتەیەی، بۆ هەموو ڕا و بۆچوونەکانی حەقم پێدا. چونکە بێشك ئەوەی کرابوو کارێکی ماکیاڤیلیانە بوو.

ئێستا ئەوە پاشی چوار ساڵ، دەقی دروستی وتارەکە لەم سایتەدا بڵاو دەکەمەوە و هیوادارم کوڕانی هونەرمەند خەلیلی سدیقی و بنەماڵەی بەڕێزیان چاویان پێی بکەوێ و لە چۆنیەتیی ڕووداوەکە ئاگادار بن.

٢ – ئیزگەی ڕادیۆ مەهاباد، یەکەمجار لە ١٠ ی بانەمەڕی ١٣٢٥(= ٣٠ ی ئاوریلی ١٩٤٦) لە لایەن کۆماری مەهابادەوە دامەزرا. لە ساڵی ١٣٢٦(= ١٩٤٧)، بە گیرانی مەهاباد و ڕووخانی کۆمار، ئەو ڕادیۆیەش بەسترا. بۆ جاری دوویەم لە ساڵی ١٣٣٢(= ١٩٥٣) بە ماوەی دە ساڵ لە لایەن **لەشکر** ی دەوڵەتییەوە ئیزگەیەکی کەم هێز دانرایەوە و دەورێکی باشی بینی. بو جاری سێیەم لە ساڵی ١٣٥١(= ١٩٧٢) ئیزگەی تازەی ڕادیۆ مەهاباد کرایەوە و سەعاتی بەرنامەکان و هێزی ڕادیۆکە لە جارەکانی پێشوو پتر بوو و ئێستاش بەردەوامە.

٣ – مێژووی دامەزراندنی ئیزگەی ڕادیۆ لە شاری سنە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٣٣٠(= ١٩٥١)، بە دانانی ئیزگەیەکی کەم هێز لە لایەن سوپای عسکەریی شاری سنەوە. ئەم ئیزگەیە حەوتووی جارێك لە ڕۆژانی شەممۆدا، لە سەعات ٧ ی ئێوارەوە تا ٨، بە ماوەی سەعاتێك ، دەنگوباسی سەربازی و گۆرانیی کوردی بڵاودەکردەوە. ساڵی ١٣٣٣(= ١٩٥٤) دەزگایەکی بەهێزتر دامەزرا و بە ناوی **ڕادیۆ سنە** وە دەستی بە کار کرد و ماوەی پرۆگرامەکانی گەیاندە ٥ سەعات؛ ( ٣ ی دوای نیوەڕۆ تا ٨ ی شەو ). لە ساڵی ١٣٤٠(= ١٩٦١) ئیزگەکە بەهێزتر کرا و شوێنەکەی گوێزرایەوە بو شوێنێکی باشتر و ماوەی بەرنامەکانی بووبە ٢٤ سەعاتە.

٤ – شاری سنە لە ساڵی ١٠٤٦ ی کۆچی(= ١٦٣٦ ی زایینی) لە لایەن **سلێمان خانی ئەردەڵان** بە ناوەندی حکوومەتی هەڵبژێردرا. لەو دەمەوە بە ماوەی پتر لە ٣٥٠ ساڵ، هەمیشە مەکۆی حکوومەت و شارستانییەت بووە لە کوردستاندا. هەڵبەت حاکمانی ئەردەڵان بەر لەم مێژووەش هەر حاکم و فەرمانڕەوای کوردستان بوون و مێژووی فەرمانڕەوایی ئەردەڵانەکان دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی حەوتەمی کۆچی.

S_abdullahsamadi@yahoo.com